## وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

**ژمارە : ٣٥٩ لە ٢٠١٠/٢/٢**

### ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٠
### مۆڵەتدانی سزادراون لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

بە پێ ی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە یاساو سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنمایەی خوارەومان دەرکرد:-

١- پێدانی مۆڵەت هەموو ئەو سزادراونە دەگرێتەوە کە خەڵکی عیراقن وە لە چاکسازی یەکانی هەرێمی کوردستان حوکم بەسەر دەبەن ، جگە لەو سزایانەی کە لە مادەی ٤٠ خالی ( ٥,٢,١ ) لە سیستەمی چاکسازی هاتووە .

٢- مۆلەتەکە دەبێت لە (٥) پێنچ ڕۆژ جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتنەوە تێپەر نەکات.

٣- پێویستە سزادراوەکە چارەکی ماوەکەی لە ناو چاکسازیدا بەسەر بردبێت کە لە سالێك کەمتر نەبێت پاش ئەژمار کردنی کەمکردنەوەو ماوەی ئازادکردنی بەمەرج وە هەرسێ مانگ جارێك ئەم مۆلەتەی پێ بدریت.

٤- پێکهێنانی لیژنەیەك بە ناوی (لیژنەی هونەری) کە پێکهاتبێت لە ( توێژەری کۆمەڵایەتی و یاسایی و مەئموری چاکسازی ) بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی پێویست و پەسەند کردنی ڕاپۆرتەکە بە کۆی دەنگ و ڕەزامەندی بەرێوەبەر.

٥- دانانی بارمتەی پێویست لە بانك بە ناوی بەرێوەبەرایەتی چاکسازی ئەو شارەی چاکسازی لێ یە بە بڕی کە لە ( ٢٥ ) بیست و پێنج ملیۆن دینار پتر نەبێت وە لە ( ٥ ) پێنچ ملیۆن دینار کەمتر نەبیت وە گەڕانەوەی بارمتەکە تەنها بە واژوی بەڕێوەبەر دەبێت .

٦- دانانی کەفیلێکی کەسی ( شخصی ) پەسند کراو بێت لەلایەن فەرمانگەی دادنووسی .

٧- پێکهێنانی لیژنەیەك لە ( بەشی یاسا + ژمێریاری + توێژەر) بۆ دیاری کردنی پارەی دیاری کراو بە پێ ی ماوەو جۆری سزاکە و ڕەزامەندی بەرێوەبەر.

٨- هەر مۆلەت دراوێك کە دواکەوت لە گەڕانەوەی بۆ چاکسازی کە لە (٣) سێ ڕۆژ تێپەر نەکات ، بۆ بەرێوەبەری گشتی هەیە ئەم ماوەیە بخاتە سەر ماوەی سزاکەی ئەگەر هاتوو دڵنیا بوو لە بوونی هۆی ڕاستەقینە بۆ دواکەتنەکە ، ئەگەریش دڵنیا نەبوو ماوەکە دەخاتە سەر ماوەی سزاکە و مۆڵەت دانیشی بۆ ماوەیەك قەدەغە دەکات .

٩- هەر سزادراوێك بە پتر لە یەك تاوان سزادرابوو وە یەکێك لەم سزایانە ڕێگر بوو لە پێدانی مۆڵەت ، پێویستە تا ئەو سزایە تەواو نەکات مۆڵەتی نەدرێتێ.

١٠- هەر سزادراوێك کە دەست ڕەنگین بوو وە سودی بە چاکسازی گەیاند بەرێوەبەری گشتی بۆی هەیە لە سەر پێشنیاری لیژنەی هونەری و ڕەازمەندی بەرێوەبەر مۆڵەت بداتە ئەو دەست ڕەنگینە بە مەرجێك لە و ماوەیەی کە لە سیستەمەکە دیاری کراوە پتر نەبێت.

١١– هەر سزادراوێك بۆ (٣) سێ جار پێشیلی كرد لە هاتنەوەی پاش مۆلەت دانی ، مۆڵەتی لێ قەدەغە دەكرێت.

١٢– ئەم مۆڵەتە تەنها سزادراوانی دانیشتووی سنووری هەرێمی كوردستان دەگرێتەوە.

١٣– بەرێوەبەری گشتی بۆی هەیە لە ساڵێك دوو جار بۆ ماوەی (١٠ ) دە رۆژ جگە لە رۆژانی چوون و هاتنەوە مۆڵەت بداتە نەوجەوانان بەپێ ی ئەو رێنمایە.

١٤– رێنمایی مۆلەتدانی سزادراوان ژمارە ( ١ ) سالی ٢٠٠٩ كاری پێناكرێت .

**ئاسۆس نجيب عبدالله**
**وەزیری كارو كاروباری كۆمەلایەتی**

---

## وەزارەتی دارایی و ئابووری

**ژمارە : ١٤٢٣ لە ٢٠١٠/٢/٣**

## بـــەیـان

بەپێی ماددەی چواررەم برگەی دووەم لەیاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان ژمارە (١٣) ساڵی (١٩٩٢) وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بریارماندا بە :–

كردنەوەی بەشی زەوی لەم فەرمانگانەی لەخوارەوە دیاری كراون .

١. بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەری كۆیە .
٢. بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەری رانیە .
٣. بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەری چەمچەماڵ .
٤. بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەری هەڵەبجەی شەهید .
٥. بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەری گەرمیان .

**بايز سعيد محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**